# یادیکی تاڵ

پ.م.دلاوەر عەبدوڵلا

زۆربوون ئەو شەڕو جەنگانەی لە ڕێڕەوی‌شۆڕشدا لە قۆناغی جەنگی پارتیزانیەوە چوبونە قۆناغی جەنگی بەرەیی هێرشە بەردەوامو دوورو درێژەکانی ڕژێمی بەعسی داگیرکەر هەر لە ساڵی ١٩٨٤وە جۆرێك لەو شێوە جەنگەی بەسەر بەرگری کاری هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا سەپاندبوو بە تایبەتی ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی،کە بنکەی سەرەکی سەرکردایەتی بوون و دوژمن مەبەستی بوو بەردەوام بەچەکی قورس‌و دوور هاوێژ، فرۆکە سەغڵەتی بکات و هیچ بوارێك بۆ پشوودان نەهێڵێتەوە، بەرامبەر بەوەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبو ئەڵتەرناتیڤێك بدۆزێتەوە، بەتایبەتی کە مۆڵگای جاش‌و سەربازەکانی بەعس لەسەر چیاکانەوە لەبەر دەستابوون ئەو بەدیلە چەکی قورسی وەك (هاوەن‌و مینی کاتیۆشا)بوون.

ئێمە مەفرەزەیەکی هاوبەش بووین لە کادێرو پێشمەرگەکانی بەشی کردنەوەی خولی مەشقی (خوێندنەوەی نەخشەو بەکارهێنانی هاوەن‌و کاتیۆشا)، لەگەڵ مەفرەزەیەکی تیپی تۆپخانەی سەر بە مەڵبەندی دوو، بەگشتی هەمومان شەش کەس بووین.

هێرشەکانی بەعسیە فاشیەکان‌و جاشەکانیان لە بەشی دۆڵە ڕووت، قەیوان، کوێرەنگ، شەدەڵە، سارا، کلاوسپی لە خواروی سێدەر، بەری مەرگە دەستی پێکردبوو. ئەم هێرشە پاش ئامادەکارییەکی زۆری ڕژێم هات، کەبەناوی ئەنفالی یەکەوە ناسرا.

سەرەتا کاتێك فشارێکی سەربازی زۆر لەلایەن سوپای بەعسەوە خرایە سەر دۆڵە ڕووت‌و قەیوان‌و هێرشەکان تا کونەکۆتر، کەچیایەکە بەسەر دۆڵی چۆخماخدا دەڕوانێت هەڵکشا، ئێمە وەك مەفرەزەیەکی سێ کەسی بەمینی کاتیوشایەکەوە لەسەر گردێك لەبەرامبەر گوندی "مێولاکە"وە بەرەنگار بوینەوە، ئەو ڕۆژەی مانگی(١/١٩٨٨) بەوەستانی هێرشەکان دوایی هات.ئیتر لەوە بەدواوە فشاری هێرشەکان ڕوویان لەمیحوەری سورداش-شەدەڵە کرد بۆبەزاندنی چیای دابان- هەلاج‌و کۆنترۆڵکردنی

هەرچی زووتری بارەگاکانی سەرکردایەتی بوو لە "یاخسەمەر، سەرگەڵو، بەرگەڵو".

پاش پێکهێنانی ئەو گروپە شەش کەسییە بەهاوەنێکی "٨١"ملم‌و مینی کاتیوشایەکی دوازدە لولەیی‌و تەقەمەنیەکی زۆرەوە روومان لەچیای دابان کرد، لەسەر رێگای نێوان گوندی"هەڵەدن–سەرگەڵو" بارەگامان خست‌و بەبەردو نایلۆن بنکەیەکی بچوکمان لەسەر لەپی ئەو شوێنە دروستکرد.هەرچەندە خوێندنەوەو کارەکانمان لەچاو کەسەکانی سەردەمانی پێش خۆمان‌و شۆڕشەکانی پێشوتردا باشترو زانستیانەتر بوو، بەڵام هەر فێربووین وەکو چەکە سووکەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو چەکە قورسانەش بکەین‌و لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕەکاندایین.

هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستانەمان زۆربوون.بەڵام خۆدەکراو هەمان ئامانجیشی دەپێکا،گەر لەجیاتی چونە سەر شاخ لەهێڵی پێشەوەی بەرەکەو لە بەرامبەر گوندی (هەڵەدن) بنکەمان دابنایە.بەهەرحاڵ پاش دامەزاندنی ئەوبنکەیە لەسەرچیای (دابان) گرفتی زۆرمان بۆ دروست بوو.لەڕووی لوجستیکەوە دەبوو هەمیشە دووکەس یان زیاترمان سەرقاڵی پەیداکردنی خۆراک‌و ئامادەکردنی‌و هێنانی تەقەمەنی بێت.لەلایەکی دیشەوە دەبوو مشوری پەیداکردنی وڵاغی بەرزەبخۆین تالەکاتی پێویستدا چەکەکان بگوازینەوە.هەروەها نەبوونی سەنگەرو شوێنی خۆپاراستن لە تۆپبارانی بەرامبەر، بەتایبەتی لەشەودا، کە رووناکی وشەوقی تەقاندنەکانمان بەئاشکرا لەدوژمنەوە دیاربوو.دیارە ئێمە تاکەگروپی ئەم بەرەیەی شەڕنەبووین، چونکە دەمانزانی چەند گروپێکی تریش لە بابەتی ئێمە بەسەرچەندشوێنێکی جیاوازو بەدرێژایی بەرەکە دابەش بوون.بۆیە نەدەکرا بیر لە جێگۆرکێ بکرێتەوە.ئینجا ئەو شوێنەشمان زۆر بەشیاو دەزانی، چونکە وامان زەن کردبوو کە هەرگیز دوژمن بیر لە وەناکاتەوە ئەو جۆرە چەکانە لەو شوێنەدا بێت، تا ئەوپەڕی تواناش هەوڵمان دەدا بەشەو تۆپباران نەکەین، بەڵام ئەو شەوانەشی هێرشی کتوپڕ دەستی پێدەکرد ناچاربووین وەڵام بدەینەوە.یەکێك لەوشەوانە دوژمن بەهەموو هێزی خۆیەوە لەگەڵ تاریکبوون کەوتە تۆپباران کردنی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەو بەهاوەن وکاتیوشای گەورەو تۆپی(١٧٥،١٥٥،١٣٠)ملم کەوتە کوتاندن.هەموو لە چڕی و بەردەوامی تۆپبارانەکە وامەزنەمان کردکە بەنیازی هێرشێکی توندە.بۆیە بە ناچاری و بەهەموو هێزمانەوە کەوتینە وەڵامدانەوەیان. دیارەمەودای تۆپە دوور هاوێژەکانی ئەوان لەبەردەستی ئێمەدا نەبوو، بەڵام هەموو مۆڵگەو گردبوونەوەی سوپاوچڵکاوخۆرەکانیان لەدوڵی شەدەڵەو ڕەبیەکانی سەر قوڵەسەوزو جادەی دوکان– سلێمانی لەژێر گڕی ئاگری لولەی چەکەکانماندا بوو، بۆیە بەوپەڕی سەلیقەو ووردبینییەوە کەوتینە دەست وەشاندن‌و بۆ ماوەی زیاتر لەسێ چارەکە سەعات بەردەوام تۆپبارانمان کردن، سەیر لەوەدا بوو پاش وەڵامدانەوەکەی ئێمە، دوژمن تۆپبارانەکەی کەم کردەوە بۆ ماوەی چەند سەعاتێ وەستا، لەنزیکی نیوە شەودا دووبارە دەستی کردەوە بە کوتاندنەوەی سەنگەرەکان. بەڵام ئەمجارە چڕی

تۆپبارانەکە ڕوو لە بنکەکەی ئێمە بوو، سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی چەکی (کیمیایی)شی بۆ زیادکردبوو، کە بەدبەختانە بەهۆی روناکی چەکەکانمانەوە شوێنگەکەمانی دۆزییەوە. بەو نیوە شەوە ناچار بووین لەژێر فشاری چەکی کیمیاییدا کە زیاتر بە راجیمە (کاتیۆشا) دەیهاویشت خۆمان لەژێر ئەو ئاگرەدا رزگار بکەین و بەرەو چیاکەی پشتمان کەلە شوێنەکەمان بەرزتربوو بڕۆین.هەرچەندە هەموومان ماسکمان پێ بوو.، بەڵام کەس فریای لەسەر کردن نەکەوت.ئەو شوێنەی بەبەردو نایلۆن دروستمان کردبوو لەژێر فشاری تەقینەوەکاندا رووخا.

لەپاش دورکەوتنەوەیەکی چەند سەد مەتری لە شوێنەکەمان لەبەرزایدا نیشتەجێ بووین.منو دوو برادەری ترمان ئەمپولی تایبەت بە دژی (سیانید)مان لەسەر ڕانمان کوتا. چونکە بەبۆنەکەیدا زانیمان کە ئەو جۆرە گازەیەو خنکێنەرە، بەپێی زانیاریەکانمان بۆنی خۆشی لەجۆری پرتەقاڵو مۆزو خەیاری لێدێتو ئینجا وەك پەرکەم گرتوو کەفێکی سپی لە لێو دێتە خوارەوە و پاشان دەمریت.

بەهەرحاڵ پاش ئەوەی تانزیکی سەعات پێنجی بەرەبەیان ماینەوە، دواجار گەڕاینەوە شوێنەکەمان دوبارە ژیان وەکو خۆی لێهاتەوە ئاسایی بوەوە. بەبڕوای خۆم ئەو کارەی رژێمی بەعس دەرئەنجامی ئەو تۆپبارانە خەستە بوو کە رۆژی پێشوتر کردمانە سەرهێزەکانیان، لەلایەکی تریشەوە خۆ ئامادەکردنێك بوو بۆ دیاریکردنی هەموو خاڵە هەستیارەکانی هێزی پێشمەرگە تا لە هێرشی دواییدا سودیان لێ ببینێ.ئەم شەڕە تارۆژی پاشەکشێی یەکجاری لەدۆڵی جافایەتی بەرەو شاخی ژیلوان بەردەوام بوو. ئەو پاش نیوەرۆیەی هەواڵمان پێ گەیشت چەکە قورسەکانمان تێك بشکێنین و بەرەو چیای ژیلوان بڕۆین هەموو یەکێکمان لەو بڕوایەدا بووین کشایەوە بۆ ئەو چیایە.

هەتا خۆمان کۆکردەوەو چەکەکانمان تەقاندەوەو کەلوپەلە پێویستیەکانمان لە وڵاخێك بار کرد، دوکەڵی ڕەش لە هەموو گوندو بنکەیەکی دۆڵی جافایەتی بەرزبۆوە. شوێنە تایبەتەکان، ئۆتۆمبێلەکان، دەسوتێنران. دوژمن لەبەرئەوەی لەقۆڵی قەیوانەوە کونەکۆترو لەبەری ساراوە پشتی گوندی قەرەنگوێو بەری مەرگەی گرتبوو چاودێر بوون بەسەر ناوچەکەدا، ئیتر کەوتنە تۆپباران کردن، شەلم کوێرم ناپارێزم ناوچەکەیان دەکوتا کاتێك گەیشتنە گوندی هەڵەدن زانیمان لەبەر تۆپباران زۆربەی خانووە گڵەکان خاپور بوبونو دوکەڵو ئاگر بەرزدەبۆوە لەهەندێکیانەوە ئەوەی کە زۆر سەرنجی رادەکێشامو چزەی لەجەرگم هەڵساند دیمەنی ئەو کارژۆڵەیە بوو کە بەدیار لاشەی دایکیەوە دەی باراندو سەیری گوانەکانی دەکرد لەگەڵ خۆمدا ووتم هەتا ئێستا قەدەر ئەم میللەتەی بەڕێوەبردووە، بامنیش دەستکاری قەدەری ئەم کارژۆڵەیە نەکەم.